المحامي المستشار
حبيب محمد درويش

پارێزەری راوێژکار
حەبیب محەممەد دەروێش

**'رونکردنەوەیەکی پێویست سەبارەت بە دادگاییکردنی**

**ئەدیب و پەروەردەکار: شێرزاد حەسەن'**

لە پای هۆکاری سکاڵایەک، کە ئەندامێکی داواکاری گشتیی 'دادگای هەڵەبجە' لەدژی نووسەر و پەروەردەکار م.'شێرزاد حەسەن' جولاندبوویان، دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە لە بەرواری(٢٠١٩ /٥/١٢) لەسەر مامۆستا کرایەوە، دواتر نێردرایە دادگای کەتنی هەڵەبجە، دوای پتر لە چوار ساڵی پڕ لە هێنان و بردن و لە بەرواری (٢٠٢٣/٨/٢٧) دوا رۆژی بەڕێوەچوونی دادگا بوو بە مەبەستی زیاتر روونکردنەوە سەبارەت بە سکالاکە و ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی م.شێرزاد حەسەن کرابوون، لە پای داوای بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی مامۆستا و نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردستان، بە پێویستمان زانی ئەم روونکردنەوەیە بڵاو بکەینەوە:

١. مامۆستا لە 'یادی رۆژی کتێب' کە ساڵانە دەکەوێتە بەرواری (٢٥/مانگی نیسان) وا رێکەوت کە لە بەرواری (٢٥/ ٢٠١٩/٤) بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگا و کتێب، یان هاندان بە نیازی پەرەپێدان بە 'کولتووری خوێندنەوە' کە لە دۆخێکی تەنگژەبارییدایە، بە تایبەتیش کەمتەرخەمی لە بایەخدان بە ژانرەکانی ئەدەبیات و هونەر لەسەر ئاستی کوردستان کە زێدە سستە دەنێو ماڵەکان و قوتابخانەکان و باقی دەزگاکانی پەروەردەدا. کەواتە 'یادگەری رۆژی کتێب' بوو بە بیانوو کە 'زانکۆی هەڵەبجە بە فەرمی 'بانگهێشتی 'شێرزاد حەسەن' بکات تاوەکو لە میانەی کۆڕێکدا شەن و کەوی ئەم بابەتە سەنگینە بۆ ستافی مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکە بکات، کە تیایدا نووسەر لە رێگەی بەراوردکردنی نێوان ئەدەبیات لە بەرامبەر سیاسەت و ئایین و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و مێژوو و باقی زانستە مرۆییەکانی دیکە باسەکەی پێشکەش کرد، دەنێو پرۆسەی ئەم بەراوردکارییەدا ئاماژە بەوە کراوە کە جیاوازییەکانی ئەدەبیات لە بەرامبەر لقەکانی زانستە مرۆییەکان و سروشتییەکان چین.

٢. لە ناوئاخنی کۆڕەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەدەبیات کانگای دروستکردنی پرسیار و گومانێکی زۆرە کە دەبێت بە زادەی خوڵقاندنی زیهنییەتێکی رەخنەگرانە و بزێو و نەسرەوت، ئەفسوونی ئەدەبیش لەوەدایە کە هەم ماریفەت و فیکر پانتاییەکی گەورەی لێ داگیرکردووە، هاوکاتیش چێژبەخشە تا ئەوپەڕی شاگەشکە بوون، کە تیایدا فانتازیا و ئەندێشمەندیی و خەیاڵبازیی لە چڵەپۆپەدایە بە مەرجی روانینێکی قووڵتر بۆ تێگەیشتن لە واقیعێکی ئاڵۆز و قەیرانبار، هەڵبەتە ژانرە جیاوازەکانی لقەکانی دیکەی زانستە مرۆیی و سروشتییەکانیش بەشدارن بە هەمان ئەندازە، هەر یەکەیان بە گوێرەی ئەو میکانیزمەی کە دەیخوازێت.

یەکێک لە جوانییەکانی ئەدەبیات لەوەدایە کە پیرۆزی و قودسییەت لە خۆیدا دادەماڵێت، بە پێچەوانەی هەردوو کایەی ئایین و سیاسەت کە بەبێ پۆشاکی پیرۆزی و قودسییەت ناژین، هاوکات خودی کارەکتەرەکانیش کە ئەگەر دەستەڵاتخواز بن یان

سلێمانی، تووی مەلیک، نزیک نەخۆشخانە کۆنەکەی چەمی رێزان
07501199691 – 07701582738

رۆحپەرەوەر و مرۆڤپەروەر، هەوڵدەدەن بە ناوی پیرۆزبوونەوە دونیایەک حەڵاڵ و حەرام و سنوور و سنووری سوور و قەدەغەگەرایی بەرپا بکەن کە بە دۆگماتیزم و وشکە بڕواداری کۆتایی دێت، ئەوەش دەبێت بە مایەی دوورکەوتنەوە لە عەقڵانییەت و رۆحی بزێوی رەخنەگرانە و پرسیار و گومان کە کانگای هەر هەموو پێشکەوتنێکە لەسەر هەموو ئاستەکان، سەرباری کەمی و نەبوونی رابەر و سەرمەشق و ئایکۆنگەلێک کە ببنە پێشەنگ رووەو بەرپاکردنی رۆشنگەری؛ نەک تاریکپەرستی و دۆگماتیزم، هاوکات کەسانی نارسیست و خۆسەپێن و ئایدیۆلۆژست دەنێو کارەکتەرەکانی نێو ئەم دوو کایەدا زاووزێ دەکەن کە پڕە لە گرفتاری و کێشەی هەمیشەیی!

**٣.** بریگرتەم پێیوایە زۆرجاران لەناو ئەو کۆمەڵگایە پریمیتیڤ و سەرەتاییانە خورافەت و پووچگەرایی گەشە دەکەن، کە تیایدا 'نەقل' جێگای 'عەقڵ' دەگرێتەوە، تەلقین و یەقین جێگەی پرسیار و گومان و فیکری رۆشن دەگرێتەوە، لێرەوەیە کە دەرەنجامەکەی بە سستبوونی عەقڵ کۆتایی دێت. نووسەری بریگرتەم ئاماژە بەوە دەکات کە بە درێژایی مێژوو، لێرە و لەوێندەرێ، خودی ئایین بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەست و مەرامی سیاسەتی چەواشەکارانە و سەرمایەگوزاری، نەک بە رەهایی و گشتگیریی، بەڵام نموونەی بێشومار هەن بۆ سەلماندنی ئەم بەدسوودمەندییەی دەستەڵاتداران، هەڵبەتە بە دیوە نەرێنی و نێگەتیڤەکەیدا، لە ڕاستیشدا مەرجە ئایین فەزایەکی بەرفراوان و کراوەتر بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بخوڵقێنێت، نەک خۆبەستنەوە بە رەهاگەریی و تاکەحەقیقەت و نارسیزم و خۆپیرۆزکردن، بەڵگەش بۆ ئەوە، دەرکەوتنی ئەو سەدەها مەزهەب و فیقھ و فیکر و عەقیدەی سیاسیی کە هاتونەتە کایەوە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش هەر هەموویان لە سەردەمی کرانەوەی عەقڵدا لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە تاوەکو سەدەی شەشەمی کۆچی زۆرترین مەداریس و مەزاهیب و فیرەقی ئیسلامی و ڕێرەوەی جیاوازی بیرکردنەوە دەرکەوتن، زۆرترین کتێب نووسران، هاوکات وەرگێڕانیش لەبرەودا بوو، لە "دار الخلافەی ئیسلام"یدا و بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان نەک هەر رێگەیان لێ نەگرتوون، بەڵکو هاوکاری و باروبووی داراییشیان کردوون.

**٤.** کەچی ئێستاکە، لێرە و لەوێندەرێ، ئایین لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیاسەتباز و کەسە دەستڕۆیشتوو و داربەدەستەکانەوە، ناپاکانە بەکاردەهێنرێت بۆ مەرامی دەستەڵاتخوازی و بەدسوودمەندی و سەرمایەگوزاریی، هەندێکجار وەکو بزنس بەکاردەهێنرێت، ئەگەرچی رەوایی ئابووریی و دەوڵەتداری پێدەدرێت، وەکو بەشێک لە (گەشتیاریی شوێنەوارە ئایینییەکان) بۆ نموونە: بۆ نموونە دەنێو دەوڵەتی نوێی 'عێراق'دا بە یاسا گرنگی بە بواری بزنسی شوێنە پیرۆزەکان دراوە و دەستوری عێراق لە مادەی "دە/١٠"دا شوێنە پیرۆزەکان و مەزارەکانی وەکو قەوارەیەکی ئایینی و شارستانی ناو بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ( ٢٠٠٥)دا یاسای ژمارە نۆزدەی بۆ دارێژراوە بە ناوی (قانون العتبات المقدسة والمزارات الشريفة) کە تیایدا هەموو مەزارەکان و شوێنە پیرۆزەکانی رێکخستۆتەوە و کردوونی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بە مەبەستی هێنانی زۆرترین گەشتیاری ئایینی بۆ سەر مەزارەکان، ئەمە

پارێزەری راوێژکار
حەبیب محەممەد دەروێش

المحامي المستشار
حبيب محمد درويش

لە بنەڕەتدا قازانجی ئابووری لە پشتەوەیە، نەک بە تەنها مەرامێکی ئایینی، چونکە مەرجە ئایین گرنگی بە مەردمگەلی زیندوو بدات، نەک بە پێچەوانەوە. بەڵێ.. زۆجاران ئایین خراپ بەکاردەهێنرێت و لە جەوهەر و رۆحپەروەری خۆی دادەماڵدرێت.

٥. بریگرتەم تا ئیستا (٦٧) کتێبی هەن لە داهێنانی خۆی، هاوکات وەرگێڕانی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبیات و دەروونناسی و میدیا و پەروەردە و رامیاری بە چاپ گەیاندوون کە پتر دەچنە ناو بازنەی زانستە مرۆییەکانەوە، لە پاڵ سەدەها دیمانە و سیمینار و کۆڕ و دیبەیتی فرە ڕەهەند و بابەت کە تێیدا بە شێوەیەکی زانستخوازانە و هەم میللیگەرایی قسەی لەسەر کردوون، لە ناوەوەی وڵات و هەندەران. تا ئێستاکە کە تەمەنی هەفتا و دوو ساڵە، لە هیچ دادگایەک، هیچ سکاڵایەکی لە دژ تۆمار نەکراوە کە سووکایەتی بە بیروباوەڕیکی دیاریکراو یان رەمزێکی ئایینی کردبێت، بۆیە ئەم سکاڵایەی کە لە کۆتایی مانگی 'مارس /٢٠١٩' دژی ئەم جولێندراوە، هەڵە تێگەیشتن و تەئویل و تەفسیری خودخوازانەی کەسانێکی بۆ کراوە، پێدەچێت پێویستی بەوە کردبێت زیاتر بابەتەکە وورد بکرێتەوە؛ نەک بەو شێوە سادەگۆییە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. نموونەگەلی زانای ناوداریش هەبوون لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا کە تۆمەتبار کراون، بەهۆی ئەوەی هەڵەتێگەیشتن هەبووە لە لێکدانەوە و تەئویلی نووسین و وتارەکانیان: نموونەی 'ئیمامی شافیعی' و 'ئیبن سینا' و 'لەیسی کوڕی سەعد' و 'فارابی' و زانای گەورەی قورتوبە 'ئیبن روشد'..هتد.

٦. بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکانەوە، ئەو بیرمەندانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، هیچ یەکێکیان راپێچی بەردەم قەزای ئیسلامی و دادگای ئەو سەردەمە نەکراون، ئەگەر زانایەک سزا درابێت وەکو 'ئیمام احمد کوڕی حەنبەل' ئەوە لەلایەن خودی دەستەڵاتدارەکانەوە سزا دراون، نەک لەلایەن دەستەڵاتی دادوەریی ئیسلامییەوە، تەنانەت کەسێکی وەکو (ابن الراوندی) کە لەلایەن سوونەنە و شیعە و موعتەزیلە تۆمەتبارکراوە و بە سەرلێشێواوی و مولحید ناوزەد کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا راپێچی بەردەم دادگای ئیسلامی نەکراوە، چونکە قسەکانی وەکو گوزارشتی بیرمەندێک چاوی لێکراوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە؛ کە ئەویش قابیلی تەئویل و تەفسیری زانستییە، ئەمەش گەورەیی ئاسۆی بەرفراوانی زانستی حاکم و دادوەرەکان دەردەخات لەو رۆژگارەدا، چونکە بیروبۆچوونی ئەم زانا و بیرمەندانە لە چوارچێوەی بیر و بۆچوونی رێپێدراو سەیر کراوە، هاوکات لە چوارچێوەی گفتوگۆ و نووسیندا وەڵام دراوەتەوە، هیچ قازییەک لە 'دار الخلافە'ی ئیسلامیدا ئامادە نەبووە زانا و نووسەر و بیرمەندەکان دادگایی بکات.

٧. بە گوێرەی وردبوونەوە لە ئەحکامی مادەی تۆمەتبارکردنی بریگرتەم بە مادەی(٣٧٢/ سزادان) وا دەنوێنێت کە گوایە سووکایەتی بە تایفەیەک یان پێکهاتەیەکی ئایینی دیاریکراو کردبێت، یان رەمزێکی ئایینی و بۆنەیەک و سرووتێکی پەرستشی رەتکردبێتەوە، یان کتێبێکی پیرۆز؛ کە وا نەبووە، بەڵام مامۆستا شێرزاد، نە لەو کۆڕە و نە لە کۆڕەکانی دیکەیدا بە هیچ

شێوەیەک بابەتی کۆڕەکانی پەیوەندیان بە هیچ تایفەیەکی دیاریکراو یان بیروباوەڕی پێکهاتەیەکی ئایینی و مەزهەبی دیاریکراوەوە نییە، بە رەهاگەریی و گشتاندنەوە بیروبۆچوونی خۆی نەخستۆتە ڕوو، ناوەڕۆک و مەنتوقی ئەم مادده و بڕگەی سزادانەی نووسەر پەیوەندی بە بابەتی ئەم داوایەوە نییە، چونکە لە بنەمادا بابەتەکەی بریگرتەم ناچێتە ناو بازنەی تاوان و تۆمەتباری بە شێوەیەکی سەرومڕ، ئەوەیان یەکەمین جارە کە لە کوردستانی باشووردا ئەدیبێک/ نووسەرێک لە پای سازکردنی کۆڕێک تۆمەتبار بکرێت؛ لە کاتێکدا کە خودی 'زانکۆی هەڵەبجە' بە فەرمی و رەسمی بانگهێشتی بریگرتەمی کردووە!

سەرەڕای ئەم مەنتق و لۆژیکەی سەرەوەش؛ لە وتەزای شارەزای بواری نووسین و رۆشنبیریدا (فەرەیدون حەمەئەمین سەعید پێنجوینی)دا هاتووە، ئەو وتانەی لە بابەتەکەی بریگرتەمدا خراوەنەتەڕوو، قسەی ئاسایین لە کایەی رۆشنبیری کوردیدا و سووکایەتی نییە بە هیچ پیرۆزییەک، هەر بۆیە ئەو وتانە تاوان دروست ناکەن!

بۆ مێژووی دادگاییکردن لە کوردستان جەخت لەوە دەکەینەوە کە دادگای کەتنی هەڵەبجە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن گوتار و وتەی لە بریگرتەمی وەرگرت و لێکۆڵینەوەی تەواوی کرد، رێگەی بۆ بریگرتەم خۆشکرد کە بەشێوەیەکی زۆر شەفاف و ئازادانە خۆی قسە و باس و وتەکانی خۆی شیبکاتەوە، نەک پشت ببەستێت بە تەفسیر و تەئویلێک کە غەیری خۆی بۆ بابەتی کۆڕەکەی کردبوویان، لە کۆتاییدا دادگا گەیشتە ئەو دەرئەنجام و قەناعەتەی کە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ تۆمەتبارکردنی بریگرتەم، بۆیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆمەتەی دەرکرد کە ئاراستەی نووسەرەکەمان کرابوو.. هاوکات ئیفراجی کرد.

**تۆماری پارێزەر/ حبیب محمد دەروێش جاف**

**بریکاری سکاڵالێکراو/ شێرزاد حەسەن سلێمان**

***